# بەهای زمان لەشتنەوەی مێشكدا

د. دەرون عبدالرحمن صالح
زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

تاريخ استلام البحث ٢٠١٧/٥/١٧ تاريخ قبول النشر ٢٠١٧/٧/١٠


## ملخص البحث

ان اللغة بإعتبارها الوسيلة المهمة التي يُستطاع بها توصيل الرسالة من المتحدث او المرسِل الى السامع او المستقبِل، لذلك تكون بمثابة السبب الرئيس والعامل المباشر لإتمام عملية غسيل الدماغ. هذا البحث المعنون بـ( قيمة اللغة في عملية غسيل الدماغ)، يركز على اهمية اللغة وقيمتها ودورها في إنجاح هذه العملية، وقد سار البحث على وفق المنهج الوصفي التحليلي من اجل إستكمال الدراسة والخروج بنتائج ذات علاقة بتلك القيمة. هذا البحث يتألف من محورين، ففي المحور الاول والمعنون بـ ( مفهوم غسيل الدماغ ومجالاته ) تناول عدة قضايا كالتعريف بعملية غسيل الدماغ، و تاريخ غسيل الدماغ، و مراحله و مجالاته. اما المحور الثاني والذي يندرج تحت مسمى (إنعكاسات اللغة في عملية غسيل الدماغ) فتناول قضيتي اللغة و عملية غسيل الدماغ، فضلاً عن غسيل الدماغ و إعادة تأهيل الفرد في ضوء البرمجة اللغوية العصبية ( N.L.P).


## پێشەكی

زمان ئامرازێكە كە دەتوانێت پەیام لەئاخێوەرەوە بۆ گوێگر بەئاسانی و خێرایی بگوێزێتەوە. زمان سەرەكیترین هۆكارە لە پرۆسەی شتنەوەی مێشكدا كە لەڕێگەیەوە كارلێكەر دەتوانێت مێشكی بەرامبەر پرۆگرام بكات و بەرەو ئەو ئاراستەیەی كە مەبەستێتی، لەدوای زمان دەربڕینە نازمانیەكانیش ( پەرە زمانییەكان ) بەدەرنییە لەم پرۆسەیەداو ڕۆڵی كاریگەری خۆی دەگێڕێت. پرۆسەی شتنەوەی مێشك بەسەر تاك و كۆمەڵیشدا جێبەجێدەكرێت. شتنەوەی مێشك بەدوو ئاراستە كاردەكات، یەكێكیان ئەرێنیەو دەبێتە هۆی پرۆگرامكردنی تاك، یاخود كۆمەڵ بەرەو ئاراستەیەكی ئەرێنی، كە ئەمەش لەڕێگای پرۆگرامی زمانەوانی دەمارییەوە جێبەجێدەكرێت، دووەمیشیان نەرێنیە، كە تاك یاخود كۆمەڵ بەرەو ئاراستەیەكی خراپ دەبات، كەواتە پرۆسەی شتنەوەی مێشك سودو زیانیشی هەیە. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شیكاری) گیراوەتەبەر، نمونەكانیش لەزمانی ئاخاوتن و نوسینی قسەپێكەرانی شێوەزاری (دیالێكتی كرمانجی خوارو- شێوەزاری سلێمانی)ەوە وەرگیراوە. توێژینەوەكە پێشەكیەك و دووبەش و ئەنجامەكان لەخۆ دەگرێت، بەشی یەكەم بەناونیشانی (چەمك و بوارەكانی شتنەوەی مێشك)ە، كە پێكهاتووە لەم لقانە: ناساندنی شتنەوەی مێشك، مێژوی شتنەوەی مێشك، قۆناغەكانی شتنەوەی مێشك، بوارەكانی بەكارهێنانی شتنەوەی مێشك. بەشی دووەمیش بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی زمان لەشتنەوەی مێشكدا) كە لەدوو لق پێكهاتووە: زمان و پرۆسەی شتنەوەی مێشك، و شتنەوەی مێشك و بنیاتنانەوەی تاك لەڕێگەی پرۆگرامی زمانەوانی دەمارییەوە (N.L.P).

## بەشی یەکەم: چەمك و بوارەکانی شتنەوەی مێشك

### ١- ناساندنی شتنەوەی مێشك:

زمان هۆیەکە بۆ گفتوگۆکردن و لەیەکترگەیشتن، زمان ئەو ئامرازەیە کە وەك تەوەرێکی سەرەکی خۆی خزانۆتە ناو سەرجەم زانستەکانەوەو کاریگەری دیارو بەرچاوی لەسەریان هەیە. بێگومان شتنەوەی مێشکیش یەکێکە لەو لقە زانستانەی کە بەدەرنییە لەم چەشنە تێکەڵبوونە، کە پەیوەندییەکی توندو تۆڵ و ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا هەیەو بەئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە.

شتنەوەی مێشك (چەکێکە لە چەکەکانی شەڕی دەرونیی، کە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی عەقڵی مرۆڤ و ئاڕاستەکردنیەتی بۆ ئامانجی دیاریکراو پاش ئەوەی پرنسیپەکانی ڕابردووی لێدەسەنرێتەوە)[1]، چەمکی شتنەوەی مێشك بەواتای (هەموو ئامرازێکی تەکنیکی نەخشە بۆ دارێژراو دێت، کە ئامانجی گۆڕانکاریکردنە لەبیرو ڕەفتاری مرۆڤەکان دژ بەخواست، یان ئیرادە، یان ڕۆشنبیری و فێربوونی پێشووی تاکەکان)[2].

شتنەوەی مێشك جۆرێکە لەشەڕی دەرونیی، ئەم پرۆسەیە مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژییە، کە بۆ دوو لایەن بەکاردەهێنرێت، لایەنێکیان وەك ڕزگارکەرو فریادڕەس وایە، کە تاك، یان کۆمەڵ ڕزگاردەکات لەژێر سایەی بەرنامەیەکی بۆ دارێژراو، لایەنەکەی تریان ئامانجی ڕوخاندنی بەهای کەسایەتی مرۆڤەکانە لەبەرامبەر چاندنی خەسڵەتی نوێ تیایاندا، کە لەبەرژەوەندی لایەنی کارلێکەرە، کە لەڕێگەیەوە تەواو زاڵدەبێت بەسەر مێشکی بەرامبەردا بۆ بەرجەستەکردنی ئەو مەرام و مەبەستانەی کە خۆی هەیەتی ، کە بەهۆیەوە بەرامبەر خاڵی دەبێتەوە لەبیروبۆچوونەکانی پێشینەیی و دەستبەرداری دەبێت و لەئەنجامدا تاك پرۆگرام دەکرێت بۆ ئاڕاستەیەك کە دژی بەرژەوەندییەکانێتی چ لەخێزان و چ لەکۆمەڵگا، بێگومان کرداری شتنەوەی مێشك هەروا کارێکی سادەو سانا نییە، بەڵکو پێویستی بەوردبینی و ژیرییە، پرۆسەیەکە لەڕێگەیەوە مرۆڤ هاندەدرێت، ئەو بیروباوەڕانە قبوڵ بکات کە پێشتر دژی بووە. شتنەوەی مێشك ئامرازێکی بەهێزو کاریگەرە لە جەنگی دەروونیدا پەنای بۆ دەبرێت بەمەبەستی زاڵبون بەسەر ژیری مرۆڤدا و ئاڕاستەکردنی بۆئامانجێکی دیاریکراو و بنیاتنانەوەی کەسی مەبەست وەك تاکێکی تر، ئەم پرۆسەیەش لەڕێگەی عەقڵەوە ئەنجامدەدرێت، و ئیشی لەسەر دەکرێت ، عەقڵیش وەکو سەرکردەی ئەندامەکانی تری جەستەی مرۆڤ، بەشکست هێنانی سەربازەکانی جەستە کە ئەندامەکانن بەچۆکدا دێن، کە لەگۆڕانی ڕەفتارو هەڵسوکەوتدا ڕەنگدەداتەوە، واتە عەقڵ و جەستە بەیەکەوە کاردەکەن. لەم سیستەمەدا هەر شتێك ڕوودات کاردەکاتە سەر هەموو بەشەکانی سیستەمەکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو چۆنێتییەی کە مرۆڤ بەهۆیەوە بیردەکاتەوە کاردەکاتە سەر چۆنێتی هەستکردن و حاڵەتی جەستەیی ئەو کەسە کە پرۆسەی شتنەوەی مێشکی بۆ ئەنجامدەدرێت.، دەتوانین کرداری شتنەوەی مێشك (بەڕێگایەکی مەترسیدار ناوزەد بکەین، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵی مێشکی کەسی بەرامبەر بکرێ و ئاڕاستەبکرێ بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو بەبێ ویستی خۆی کە

لەڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا ڕەنگدەداتەوە ، ئەم پرۆسەیەش بریتیەلە پرۆگرامکردنی عەقڵ و شوشتنەوەی بیرو ئاڕاستەکردنی بەبیروباوەڕی نوێ، ئەمەش وا دەکات ببێتە کەسایەتیەکی نوێ و خاوەن بۆچوونی پێچەوانە لەوەی پێشووی)[٣]. شتنەوەی مێشك خۆی لەداماڵینی بیرو باوەڕی پێشوو، وەرگرتنی بیروباوەڕی تازەدا دەبینێتەوە کە تاکەکان و ڕێکخراوەکان و لایەنەکان و ڕژێمەکان پیادەی دەکەن، شتنەوەی مێشك پرۆسەیەکی تازە نییەو ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، بۆ زیاتر ئاشنابوونمان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی پرۆسەکە و مێژوی سەرهەڵدانی.

## ٢- مێژوی شتنەوەی مێشك:

بۆ یەکەمجار زاراوەی شتنەوەی مێشك لەلایەن ڕۆژنامەنوسی ئەمریکی (ئیدوراد هنتر/Edward Hunter) بەکارهێنرا، ئەوەش لەڕێگەی وەرگێڕانی وشەی چینی (هسی ناو/His Nao)، کە بۆ گوزارشتکردن بوو لەتیۆری چینی (چاکسازی بیر)[٤]، کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (سەدەی هەژدەم لە ئەمریکا و(جوناپان ئیدواردز) کە بەڕێکەوت ڕێگاکەی دۆزییەوە، لەکاتی هەڵمەتی تەبشیری لەساڵی (١٧٣٥) لەشاری (نورپامبتون) لەویلایەتی (ماساشوستس). (ئیدواردز)بۆی دەرکەوت، کە دەتوانرێت لەڕێگای گوتار گرێی تاوان و ترسی زۆرو دڵەڕاوکێ بسەپێنیتە سەر گوێگرەکەت، ئەمەش وادەکات بروخێ بەتەواوی و خۆبەدەستەوە بدات، ئەمەش بۆ ئەوەیە کەئەوەی لەبیردایە بسڕێتەوە وەك ئامادەباشییەك بۆ پرۆگرامکردنەوەی. (تشارلز فینی) کە موستەبشیرێکی ترە، دوای چوار ساڵ لەنیۆیۆرك هەمان ڕێگای (ئیدواردز)ی بەکارهێنا و تائێستاش ئەم ڕێگایە باوەو دواتر پەرەی پێدرا بۆ ماوەی (٢٠٠ ) ساڵ)[٥].

ایڤان بیتروفیتش پاڤلۆڤ (١٨٤٩ – ١٩٣٦ ) زانایەکی ڕوسی بوو بەسەرکردەی بواری فەسلەجە ودەروونناسی دادەنرێت، تیۆرەکەی بەتیۆری (کردەی پێچەوانەی مەرجی) ناسراوە، (پاڤلۆڤ) بەڕێکەوت ئەم تیۆریەی دۆزیەوە کە بریتی بوو (لەوەی لەڕێگەی زەنگ لێدانەوە کاری کردەسەر (سەگ)ێك، کە هەرکات زەنگی بۆ لێدەدا، ئینجا پاش کەمێك خواردنی بۆ ئەهێنا، بەدووبارەکردنەوەی ئەم حاڵەتەش سەگەکە وایلێهات هەرکات زەنگ لێبدرایە ئەوا لیکی دەڕژاند کە خواردنی بۆ دێت، بەڵام (پاڤلۆڤ) لەهەرجارێکدا خواردنەکەی لە پاش زەنگ لێدانەکە درەنگتر ئەهێنا لەکاتێکدا سەگەکە هەر وەك جاران لیکی دەڕژاند، پاشان پاڤلۆڤ زەنگی لێدەدا، بەڵام خواردنی نەدەهێنا بۆ سەگەکە، بەڵام سەگەکە هەر لیکی دەڕژاند، بە دووبارەکردنەوەی ئەم حاڵەتە بۆ چەند جارێك کاردانەوەی سەگەکە بۆ هاتنی خواردنە نەهاتوەکە نەما، واتە کە زەنگی لێدەدا سەگەکە هەستی بە هیچ نەدەکردو ئیتر لیکی نەدەڕژاند. لەئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە بەگۆڕینی ژینگەی مرۆڤەکان دەکرێت سروشتەکانیان بگۆڕدرێن)[٦]، واتە دەکرێت ڕەفتاری تاك و پاڵنەرەکان بگۆڕدرێن ئەگەر ژینگەکەی گۆڕدرا.

پاڤلۆڤ تاقیکردنەوەی لەسەر (ئاستی زیرەکیو کارلێکردنو کاردانەوەی (سەگ) ئەنجامدا، لەیەکێك لە ژوورەکانی تاقیگەکەی لە(لینگراد ) ژمارەیەك سەگی هەبوو کە تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام دەدان، فێری چەند نەریت و ڕەفتارێکی دیاریکراوی کردبوون، بەڵام لە ساڵی(١٩٢٤)ز لافاوێکی گەورە (لینگراد)ی گرتەوە بەهۆیەوە ئاو هاتبووە ناو ژووری تاقیگەکەو پڕ بوو بوو لەئاو، بەشێوەیەك ئاو تا ملی سەگەکان هاتبوو، بەڵام دواتر بەهۆی یەکێك لەیاریدەدەرەکانی پاڤلۆڤ توانرا سەگەکان بگوازرێنەوە شوێنێکی ئارام، دوای ئەوە پاڤلۆڤ ویستی تاقیکردنەوەکەی تەواو بکات، بەڵام بینی سەگەکان هەموو ئەو نەریت و ڕەوشتانەیان بیرچۆتەوە، ئەوەش لەئەنجامی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی کە لەلافاوەکە ڕوویدا)[٧]. پاڤلۆڤ لەتاقیکردنەوەکەی گەیشتە ئەو ئەنجامەی (مرۆڤ کاتێك تووشی ڕوداوێکی قورس و ناخۆش دەبێت خانەکانی مێشکی نزیك دەبنەوە لە پەککەوتن و بەرگری نامێنێت وناتوانێت پارێزگاری لەخورەوشت و نەریت و بەها مرۆڤییەکان بکات، هەربۆیە چەپەکان لەکاتی شەڕی یەکێتی سۆڤیەتدا پەنایان بردە بەر ئەم تیۆرەی پاڤلۆڤ بۆ شتنەوەی مێشکی دیلەکان بۆئەوەی بتوانرێت کاریان تێبکرێت)[٨].

براون (J.A.C. BROWN) ڕەخنە لەتیۆرەکەی پاڤلۆڤ دەگرێتو دەڵێ: (کەموکورتی لەکارەکەی پاڤلۆڤدا ئەوەیە ئەگەر هەندێ زانیاریمان لەسەر نەخۆشیە دەروونیەکان نەبێت لەڕووی کەسایەتیەوە وەك فرۆید باسی دەکات، ئەوا ئێمە ڕێگا ون دەکەین ئەگەر بەردەوام بین لەسوربوون، کە دەکرێت هەموو زانیارییەکانی عەقڵ ئەگەر توشی فشار بێت بسڕینەوە، تادەبێتە پەڕەیەکی سپی و پاك، هەروەها دەکرێت شێوەی نوێی بەسەردا بسەپێنین کە هیچ پەیوەندییان بەزانیارییەکانی پێشوی ناو عەقڵەوە نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێت بەشێوەیەکی تەواوەتی کەسایەتیەکان بگۆڕدرێن بۆ کەسایەتی تر کە بەتەواوەتی جیاواز بن لەکەسی یەکەم)[٩]. مەبەستی براون ئەوەیە کە تاوەکو پاشخانێکی زانیاریمان دەربارەی بەرامبەر نەبێت ناتوانین شتنەوەی مێشکی بۆ ئەنجام بدەین، بەڵام لەهەمانکاتدا وایدەبینی کە دەتوانرێت ئەم پرۆسەیە بەسەرهەموو مرۆڤێك بەدەر لەوەدەستهێنانی زانیاری پێشینە ئەنجام بدرێت. تاقیکردنەوەکەیپاڤلۆڤ بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ڕوونکردنەوەی شتنەوەی مێشك، ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن دەتوانرێت کار لەبەرامبەر بکرێت بۆ تێکچڕژانی بیری تازە، بەهەمان شێوە دەشتوانرێت بەرامبەر خاڵی بکرێتەوە لەو بیرە نوێیەی لای دروست بووە.

### ٣- قۆناغەکانی شتنەوەی مێشك:

ئەم پرۆسەیە بەسێ قۆناغ جیّبەجێدەکرێت کە بریتیین لە:

١- قۆناغی تواندنەوە: مەبەست لێی بەتاڵکردنەوەی مێشکی کەسی دیاریکراوە، لەهەموو بۆچوونو بیروباوەڕێك لەڕێگەی بەکارهێنانی چەندین ئامرازو شێواز، کە ترسو شپرزەییو نائارامیی لەدەرونی ئەو کەسەدا دروستدەکات (لەم

قۆناغەدا وا لەتاك دەكرێت گومان لەو بەهاو بیروبۆچوونانە بكات كە هەڵیگرتوون، وایلێدەكات ئارەزووی گۆڕینیان بكات، واتە تاك خاڵیدەكرێتەوە لەبۆچوونەكانی پێشووی)[10].

٢- قۆناغی گۆڕین: لەم قۆناغەدا (ئامانج بیرۆكەو بۆچوون و زانیاری جیاواز لەئاڕاستەكەی پێشووی پێدەدرێت جا لەرێگای وانەی تایبەت بێت یان وانەی بەكۆمەڵ بێت بۆ ئەوەی جارێكی تر پرۆگرام بكرێتەوە جیا لە پرۆگرامە كۆنەكەی)[11] ، (تێگەیاندنی بەوەی كە ئەو بیروباوەڕەی لە پێناویدا دەجەنگێ، بێ نرخ و پوچەڵەو دژی خواستی مرۆڤایەتیەو پێویستە لەسەری كە وازییان لێبهێنێ و پاكانەیان لێ بكات، هەركاتێك ئەو كەسە بە پێی ویست و حەزو ئارەزووی ئەوان نەجوڵایەوە، ئەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر فشاری دەخەنەسەرو پەنا بۆ زۆر شێوازو مامەڵەی نامرۆڤانە دەبەن، ئەگەر لەڕاوبۆچوونەكانی پاشگەزبووەوە و باوەڕی بەڕاووبۆچوونە نوێیەكان هێنا، زیاتر خۆیان لەو كەسە نزیك دەكەنەوە دوورنییە كە ببینێت بەئەنداميكی چالاك و دڵسۆزیان)[12].

٣- قۆناغی چەسپاندن: لەم قۆناغەدا دەبێت (گۆڕانكارییەكە چاودێرییكرێت تا لەو ئاستە بمێنێتەوە، ئەمیش لەرێگای پاداشت و سزا، دەبێت لەم قۆناغەدا رادەی بە پێشەوەچوون تێبینی بكرێت و لەژێر رۆشنایی ئەم گۆڕانكاریە پاداشت وە سزا وەربگرێت)[13]، ئەمەش لەرێگەی (دوورخستنەوە لەكەسانی دەوروبەرو بێ بەشكردنی لە خواردنو خەوتنو پێداویستیە فسیۆلۆجیەكانو ئەشكەنجەدانی جەستەییو سەرزەنشتو سووكایەتی پێكردن...هتد)[14]. لەم قۆناغەدا رێگاكەی سكینەر دەگیرێتەبەر كە كار لەسەر هاندان دەكات و، دانانی پاداشت و سزا لەبەرامبەر هەڵسوكەوتەكاندا. لێرەشدا دەردەكەوێت كە پرۆسەی شتنەوەی مێشك تەنها تایبەت نییە بەجێبەجێكردنی لەسەر كەسێك یان تاكێكی دیاریكراو وەك هەندێ كەس باسی دەكەن، بەڵكو پرۆسەیەكە بەسەر تاكو كۆمەڵیشدا جێبەجێدەكرێت.

٤- بوارەكانی بەكارهێنانی شتنەوەی مێشك:

گرنگترین ئەو بوارانەش كە شتنەوەی مێشكی تێدا بەكاردەهێنرێت ئەمانەن:

١- بواری ئاینی: یەكێكە لەو بوارانەی كە شتنەوەی مێشكی بەرێژەیەكی بەرچاو تێیدا بەكاردەهێنرێت، كە بەهۆیەوە ئەو كەسانە دەبنە كەسێكی گوێڕایەڵ و دڵسۆز، ئاڕاستەكردنیان دەكەوێتە ژێر كاریگەری دەقە ئاینیەكان و قسەو ئامۆژگاری ئەو كەسانەی كە بانگەواز بۆ ئەو ئاینە دەكەن، بۆ نمونە لەكڵێسەكاندا وەك ئامادەباشییەك بۆ ڕەخساندنی كەشی خواپەرستی سەرەتا بەئاوازێكی دووبارە بوو دەست پێدەكات كە ترپەی شەپۆلەكانی لەنێوان (٤٥ – ٧٢)دایە، كە نزیكە لەترپەكانی دڵی مرۆڤ و كاریگەرییەكی خەوێنەری هەیە وادەكات باری ئاگایی مرۆڤ بگۆڕێت، ئەم بارە پێی دەوترێ ترپەی شەپۆلەكانی ئەلفا ، كەتیایدا لەرەلەرەی شەپۆلەكانی مێشك لەم مۆسیقایە لەنێوان (٨ – ١٢) لەرەلەرەیە لەچركەیەكدا كە بۆ مرۆڤ تیایدا ئاسانتر شت وەردەگرێت و پرۆگرامكردنی ئاسانتردەبێت بۆ وەرگرتنی پەیامی دواترو بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی گوتار دەبێت، دواتر یاریدەدەری بانگخواز دەست

---

دەكات بەقسەكانی كە تیایدا دەنگ بەشێوەی پلیكانەیی دەگۆڕێت و تاكەكانی بەشداربوو لەباری بێئاگایدان و ئەویش دەست دەكات بەبەرزكردنەوەی باری بێئاگاییان لەڕێگای هێناكایەی بارێكی وروژاندن، ئامادەبووان بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو گوتانەن و جێبەجێی دەكەن، تەكنیكی ئامۆژگار لەكەنیسەوە بۆ یەكێكیتر دەگۆڕێت[١٥].

بزوتنەوەی (تەبشیری یان بەمەسیحیكردن) نمونەیەكی تری بواری ئاینییە، ئەم شێوازە هەولو تێكۆشانی زۆری ناوێت بەو پێیەی لەسەر مندالآن جێبەجێدەكرێت، كە مێشكیان هێشتا وەك لاپەڕەیەكی سپی وایەو ئامادەیە هەموو بیروبۆچوونو باوەڕێك وەربگرێت لەلایەن تەبشیرییەكانەوە[١٦]. ئەم شێوازە لەهەندێ قوتابخانەی نوێ كە لە كوردستاندا كراوەتەوە كاری پێدەكرێت، كە مندالآن بەئاینی مەسیحی ئاشنادەكەن و وێنەی دینی ئیسلام لەبەرچاویان دەشێوێنن[١٧].

٢- بواری چارەسەری دەرونیی: پرۆسەی شتنەوەی مێشك وەك چارەسەرێكی ئەرێنی بەكاردەهێنرێت بۆ چارەسەركردنی نەخۆشیە دەرونیەكانو شلەژاندنە دەمارییو وەلآمدانەوە مەرجییە لە لایێ دەرچووەكانو رەفتارە نائاكاریەكان، لێرەدا كەسی پسپۆڕ مێشكی تاكی بەرامبەر پاك دەكاتەوە لەو بیروبۆچوونانەی هۆكاری سەرەكی شلەژاندنە دەماریەكانن، بەئەندازەی پێویستی ئەو حاڵەتەی لەبەردەستدایە، هەروەها شتنەوەی مێشك وەك چارەسەرێك بەكاردەهێنرێت بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو بۆچوونو بیروباوەڕە هەلآنەی لەمرۆڤدا هەیە بەناڕاستەی گێڕانەوەی بۆ ڕاستەڕێگاو دووركەوتنەوە لەتوندوتیژی، یان تێگەیشتنی هەڵە بۆ بابەتو كەسایەتیەكان، یاخود بەپێچەوانەوە دەتوانرێت بەهۆیەوە كەسێكی خاوەن دەرون تەندروست بگۆڕدرێت بە كەسێكی دەرون نەخۆش[١٨].

پرۆسەی شتنەوەی مێشكو هەڵگرتنی ئەو بیروباوەڕو بۆچوونانەی خزێنراونەتە مێشكی تاكەكانەوە مەرج نیە هەتا هەتایە بەچەسپاوی لەمێشكیاندا بمێنێتەوە، بەڵكو مانەوەی، یان كاڵبونەوەو پاشان نەمانی پەیوەستە بە توانای تاكەكانەوە، كە ئایا تا چەند ئامادەن دەستبەرداری ئەو گۆڕانكاریانە بن كە بەسەریاندا هێنراوە، كە ئەمەش لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت، بەپێی ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی پێیدا تێپەڕدەبێت، هەروەها لەگەڵ سەرجەم خۆپاراستن و خۆ بەدوورگرتن لەشتنەوەی مێشكدا، هەر ناتوانین تەواو زاڵ بین بەسەر ناخی خۆماندا، چونكە كاری شتنەوەی مێشك تەواو بەهێزە، كە هەوڵدەدات سوچێك بدۆزێتەوە تا كەلێنێك بخاتە ناو بیركردنەوەكانمانەوە، لەبەرئەوەی هەموو كەسایەتیەكان خاوەنی نیشانەی بەهێزو لاوازیشن لەهەمانكاتدا، كاتێك لە كاتەكان تاك توشی جۆرە دڵتەنگی و بێ هێزی و لاوازییەك دەبێت لەكەسایەتیدا، لەم كاتەشدا كارلێكەر زۆر بەهێمنانەو خشۆكانە خۆی دەخزێنێتە ناو هەستەكانمانەوە، لەڕێگەی كۆمەڵێك ئاخاوتنەوە كە دڵی بەرامبەری پێ

خۆش دەكات، واتە بەئارەزوی دڵی بەرامبەر ئەدوێت، و پشتگیری گشت وتەكانی دەكات، تاوەكو شوێنی خۆی لەناخی بەرامبەردا دەگرێت و دەبێتە جێی متمانەی بەرامبەر، پاشان وردە وردە ئاخاوتنەكانی بەو ئاڕاستەیە دەبات كە نیشانەی خۆی بپێكێت و بەرامبەر خاڵی بكاتەوە لەو بۆچوونانەی پێشتر سوربوو لەسەری و دواتریش پرۆگرامكردنی بەشێوەیەكی نەخشە بۆ داڕێژراو.

٣- بواری سیاسی: نمونەیەكی زۆر زیندوو چالاكی ئەم ڕۆژگارە ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش)ە، كە دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق لەساڵی (٢٠١٣) لەسەر دەستی ئەبوبەكر بەغدادی دامەزراو دواتر بارەگاكانی بۆ سوریا گواستەوە. بۆنمونە: (دێنیز كۆسپرت)ی گۆرانبێژی ڕاپی ئەڵمانی بەیعەتی بەداعش دا و پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕی و بیروباوەڕی لەكەسێكی مەسیحی بۆ كەسێكی ئیسلامی توندڕەو گۆڕا. تەنانەت ناوی خۆیشی كرد بە( ابو گلحە ئەڵمانی) ، كە بەدەستەكانی سەری چەندین كەسی بڕیوە. (سالی جۆنس)یش ژنەمۆسیقاژەنی بەریتانی دوای هاوسەرگیركردنی لەگەڵ هاككەرێكی بەریتانی سەر بەداعش بیروباوەڕی گۆڕاو چووە ڕیزەكانی ئەو ڕێكخراوەو ناوی خۆشی گۆڕی بۆ (ام حسین بەریتانی)[١٩].

٤- بواری دادگا: لەم بوارەدا دەتوانرێت وەك هۆكارێك بۆ دان پیانان بەتاوان و سەرپێچیكردن سودی لێوەربگیرێت، یاخود بەپێچەوانەوە بەهۆیەوە كەسێك بۆ تاوان و توندوتیژی ئاراستەبكرێت، یان هەندێ جار كەسێك كە بەتاوانێك دەستگیر دەكرێت و تۆمەتێكی دەخرێتە پاڵ، لەكاتێكدا ئەم تاوانبارە كەسێكی سادەو ساكارە، لەم بارەدا ماوەی دەستبەسەری و دووبارەكردنەوەی لێكۆڵینەوەو هەڵسوكەوتی پۆلیس و ترسناكی دادگا وا دەكات كە مێشكی بشۆرێت و كتوپڕ بروخێت و دان بەتاوانێك بنێت كە نەیكردووە[٢٠].

٥- شێوازی ڕاگەیاندن: مەبەست لەم شێوازە گەیاندنی بیرۆكەی ئامانجدارە بەلایەنی بەرامبەرو بڵاوكردنەوەو گەیاندنی بابەتەكانە بەهەموو لایەنە پەیوەندیدارەكان، یان ئەو لایەنانەی دەبێت پێیان بگات، چونكە پرۆسەی ڕاگەیاندن پرۆسەیەكی كاریگەركردنە بۆ سەر خەڵك بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی دیاریكراو، و لەبەرئەوەی ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە لەگۆڕینی بیروبۆچوونەكان بۆ بەرژەوەندی لایەنی ئامانجدار، مەبەست لەم شێوازە هەڵبژاردن و بەكارهێنانی وشەی گونجاو ڕۆڵی كاریگەری هەیە لەڕاكێشانی سەرنجی كەسی بەرامبەرو ئاخێوەر دەتوانێت لەڕێگەیەوە شێوازو ئاوازەی دەنگی بەجۆرێك بگۆڕێت كە لەگەڵ ئاستی فیكری تاكی كار لەسەركراو یەكبگرێتەوەودواجار سەركەوتوبێت لەباوەڕپێكردنی هەروەك فرۆشیاران بەئاوازەو شێوازی تایبەتیانەوە سەرنجی كڕیاران بەلای خۆیاندا ڕادەكێشن و یەكێكیان دەبێتە پڕ فرۆشترین لەهاوپیشەكانی، هەروشەی نەگونجاوو ئاوازەو شارەزانەبوون لەبەهرەی ڕازیكردن دەبێتەهۆی ڕەنجاندنی كڕیار یان دووركەوتنەوەی كەسانی تر لەمەبەست و ئامانجی ئاخێوەر، هەروەها سەبارەت بەتیڤی و ڕادیۆ لەڕێگەیانەوە دەتوانرێت زۆرترین بینەرو بیسەر ڕازی بكرێن بەو ئامانجانەی تاكی ئاخێوەر ئەیەوێت پێی بگات، كە ئەمەش ڕۆڵی شتنەوەی مێشك فراوانتر دەكات و لەمەودای تاكەوە دەیگوازێتەوە بۆ مەودای كۆمەڵ،

نمونەی ئەوەشمان زۆرە لەخودی کەناڵەکان کە هەریەکەو بە ئامانج و سیاسەتێك کاردەکەن و ڕەنگدانەوەشیان لەناو کۆمەڵگا شایەتی ئەو ڕاستییەیە کە یەك ڕووداو بەچەندین جۆر دەستەواژە دادەڕێژرێت و هێزی پاوەرپێکردنی زیاتریش بۆ ئەو کەناڵە دەگەڕێتەوە کە سەرنجڕاکێشترین دەستەواژەکان بەکاردەهێنێت[٢١]. نمونەیەکی تری زیندوی ئەم ڕۆژگارە بریتییەلەو زنجیرە دراما تورکیانەی کە لەهەندێ کەناڵدا پەخشدەکرێت، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تاکی کورد بەتایبەتی لەسەر هەرزەکاران و منالآن.

٦- بواری کۆمەڵایەتی: کۆمەڵگا کاریگەری هەیە لەشتنەوەی مێشکدا، بۆنمونە لەهەندێك کۆمەڵگادا وەك ئەمریکا بەجۆرێك لەمنداڵیەوە تۆوی ڕق و کینە لەناخی منالآنی سپی پێست لەسەردەمی پێش بەرزکردنەوەی دروشمی یەکسانی بەرامبەر بەڕەش پێستەکان دەچێنرا، کە ئەم ڕقەش لەگەڵ گەورەبوون و بەساڵاچوونی سەرجەم منالّ و تاکەکانی کۆمەڵگەی سپی پێست زیاتر دەبوو بەجۆرێك وا لەمێشکیان چەسپێنرابوو کە هەرگیز ڕەش پێست بەمرۆڤ هەژمارنەکرێت، واتە لەڕێگەی زەقکردنەوەی لایەنی نەرێنی ڕەش پێستەکان کۆمەڵگای سپی پێست توانی کاریگەری لەهزری تاکەکانی بکات ببێتە ئامرازێکی کاریگەر لەشتنەوەی مێشکی زۆربەی تاکەکان کە تائێستاش ئاسەوارەکانی لەکۆمەڵگای سپی پێستدا ماوە[٢٢]، کەواتە هەر زمان و بەکارهێنانی کەرەستەکانی وەك شێوەی دەربڕینی ترسێنەرو سلەمینەوەو ئاوازەو هەڵبژاردنی جۆری وشەو ڕستەکان بوو، بوون بەکارلێکەرێك کە ڕێچکەی بیرکردنەوەی تاکی سپی پێستی بەرامبەر بەڕەش پێست گۆڕی، هەروەها سەبارەت بەبیرکردنەوەی هاوڵاتیان بەرامبەر بەکۆچبەران کە ئەمەش نمونەی زیندوە بەسەر تاکی کوردا هاتووە.

٧- بواری پەروەردە: ئەم شێوازە لەهەندێ لەزانکۆ بیانیەکان بەکاردەهێنرێت لەڕێگەی شتنەوەی مێشکی خوێندکارە ڕۆژهەلآتیەکان لەبیروبارو‌ەڕو زۆربەی ڕەفتارو ئاکارەکان بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی دوور لەهەموو ئەو ڕەفتارو پرنسیپانەی پێشووی[٢٣]. لێرەشدا دەکرێت نمونەی زیندو بهێنینەوە لەسەر ئەو کەسانەی لە ڕۆژهەلآتەوە ڕوو لەئەوروپا دەکەن‌و نیشتەجێدەبن، کە پاش چەند ساڵێك مانەوە لەو ولآتانە هەست بەگۆڕینێکی یەکجار زۆر دەکرێت لەڕەفتارو بیروبۆچوون‌و پابەندبوونیان بەئاینەکەیانەوە. ئەم شێوازە بەئاسانی جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو دەبێت کاری تەواوەتی بکرێت بۆ زانینی پاشخانی ڕۆشنبیری‌و بیرکردنەوەو ئەزمونی ئەو کەسانەی کار بۆ شتنەوەی مێشکیان دەکرێت. سیستمی خوێندن لە کوردستان جۆرێکە لەشتنەوەی مێشك، لەبەرئەوەی بەرنامەو پڕۆگرامەکانی خوێندنمان هەمووی کاری داهێنراوی ولآتانی ترە، واتە خۆمان داهێنانمان لەبواری زانستدا سستە، لەئەنجامدا مێشکی تاك بەکۆمەڵێك داهێنانی ولآتانی ترەوە پڕدەکەین، کە ئەمەش جۆرێکە لەشتنەوەی مێشك، کە هەر لەمنداڵیەوە بیرو بۆچوونەکان دەخزێنینە ناو مێشکیانەوە، بەمشێوەیە پەروەردەیان دەکەین، هەر لەسەرەتاوە تواناو ئاستی زانستی تاکەکان دەکوژین، بەوەی تەنها بڵێ (بەڵێ) و سەر بلەقێنێت، بێ ئەوەی زەمینەیەك بڕەخسێنین کە تاکەکان بتوانن داهێنانەکانی ناو مێشکیان بخەنەڕوو، ئەمەش دەبێتە هۆی شکستهێنان بەتواناو داهێنانەکانی تاك، لەکۆتایشدا کۆمەڵێك دروست دەبێت کە

گشتییان پرۆگرامكراون و هەست بەبەرز زانینی تواناكانی میللەتەكەیان لەدەستداوەو لەهەمانكاتدا خۆشەویستییان بۆ خاكەكەشیان لەكەمبونەوەدایەو بەچاوێكی كەمەوە ئەڕواننە نیشتمانەكەیان بەبەراورد لەگەڵ میللەتە پێشكەوتوەكاندا.

## بەشی دووەم/ ڕەنگدانەوەی زمان لە شتنەوەی مێشكدا

### ١- زمان و پڕۆسەی شتنەوەی مێشك:

تەوەری سەرەكی لەكرداری شتنەوەی مێشكدا زمانە، لەم پرۆسەیەدا زانستی زمانی تیۆریی و زانستی زمانی كارەكیش ڕۆڵی سەرەكی دەبینن، و سەرجەم ئاستەكانی زمانی كوردی بەشداردەبن، لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو لقانەی زمان بخەینەڕوو كەم تا زۆر سەركەوتنی شتنەوەی مێشك تۆماردەكەن:

### یەكەم/ دەربڕینی نازمانی

١- ئاوازەی دەنگ: لقێكە لەلقەكانی پەرە زمانییەكان، كە لەم ساڵانەی دواییدا زاناكان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی كە دەنگ كاریگەرییەكی زۆری هەیە لەسەر پەیوەندیكردن لەنێوان مرۆڤەكاندا، كە ناتوانرێت فەرامۆش بكرێت[٢٤]، بەهەموو ئەو (تایبەتیە ڕەوشتیانەی كە پەیوەندی نازمانی پێكدێنن دەوترێ پەرە زمانی یان زمان ئاسا. پەرەزمانیەكانیش دەبن بەدوو جۆرەوە: (سەربەخۆو ناسەربەخۆ)، جۆری ناسەربەخۆ لەگەڵ زماندا بەكاردێن، كە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە كە پێیان دەوترێ (تۆن)، كە ئەویش هەموو ئەو گۆڕانانە دەگرێتەوە كە لەبەرزو نزمی پلەی دەنگ، گۆڕینی پلەی دەنگ و خێرایی قسەكردن و بەردەوامی و دەستگرتن بەسەر چۆنیەتی دەنگدا (دروستكردنی نوزەو هاڕەی هووشەو منگنی...هتد) ئەمانە هەموویان بریتین لەتایبەتی دەنگی پەرەزمانی)[٢٥].

ئاوازەی دەنگ یەكەم هەنگاوە كە كارلێكەری شتنەوەی مێشك بەكاریدەهێنێت بەمەبەستی سەركەوتنی پرۆسەكەو ڕازیكردنی بەرامبەر، زمانەوانی ڕۆژئاوایی (وتنگشیتن) دەڵێ: "بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەڵكو بەدوای چۆنیەتی دەربڕینیدا بگەڕێ"[٢٦]، پێویستە كارلێكەر ڕەچاوی هەریەكە لەبەرزونزمی دەنگ و وەستان و خێرایی و توندو نەرمی قسەكردن و هێزو هارمۆنی و پلەی دەنگ و شەپۆلەكانی دەنگ، بكات، كە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت كۆنترۆڵی تاكی بەرامبەر بكرێت. هونەرمەندی پەیكەرتاش (لویز نفلسۆن) دەڵێ: "ئاسكی دەنگ بریتییەلە دروستكەری هێزی ڕاستەقینە"[٢٧]، كەواتە دەنگێكی ئاسك خۆی لەخۆیدا ئەو هێزەیە كە پێویستە كارلێكەر بەكاریبهێنێت.

.

لەرێگەی ئاوازەی دەنگەوە (لەباری دەرونی تاکەکان دەگەین، بۆنمونە: کەسێکی ئائاسودە بەئاوازەیەکی تایبەت بۆچوونەکانی دەردەبڕێت کە جۆرە بەرزی و خێراییەکی پێوەدیارە، بەلاّم خاو قسەکردن ئاماژەیە بۆ غەمباری و بیرکردنەوەو سەرنجدان، بەهەمان شێوەش بەتوندی قسەکردن ئاماژەیە بۆ تورەیی و بەبەرەکانی و بەرەنگاربوونەوە، نەرمی قسەکردنیش ئاماژەیە بۆ ئارامی و لەسەرخۆیی و خۆشەویستی گەیاندن)[٢٨]. بۆ دەربڕینی (تورەیی یان ڕێز قسەکەر یان بەرەو پلەکانی سەرەوە دەڕوا (دەنگی بەرزدەکاتەوە)، یان بۆ خوارەوە دێ (دەنگ نزم دەکاتەوە)، کە قسەکەر دەم دەکاتەوە، ئەو پلە دەنگەی هەڵی دەبژێرێ هەندێ لەمەبەستی قسەکەر دەردەخات، ئەگەر شێوەی گوتنەکەی لە پلەی ناوەڕاستەوە نزیك بوو، ئەوا گوێگر واتایەکی ئاسایی دەدات بەمەبەستەکە)[٢٩].

وەستانیش لەکاتی ئاخاوتن (بۆ گوێگر دەردەخات کە کەسی ئاخێوەر لەو شوێنەی لێی دەوەستێت شوێنی دودڵی و بیرکردنەوەیە، بەتاقیکردنەوە سەلمێنراوە وەستان لەنێوان گوتنێك و گوتنێکی تر (١,٠٣ )چرکەیەو لەشوێنەکانی تریش(٠,٧٥) خولەکە، جا ئەگەر وەستانێك لەم کاتانەی زیاتر خایاند ئەوا جێگای تێبینی و گومانە، بەهەمان شێوەش هێز خستنەسەر وشە لەکاتی دەربڕیندا واتای گرنگی و جەختکردنەسەر وشەکە دەدات)[٣٠].

مێشکی مرۆڤ بەندە بەچەند جۆێکی ئاستی لەرەوە کە بریتین لە:

- لەرەی بێتا(beta): ئەم بارە بەباری ئاگای لەقەڵەم دەدرێت، کەڕۆژانە قسەی پێدەکەین لەگەڵ خەڵکیداو بەخراپترین بار لەقەڵەم دەدرێت، لەنێوان (١٤ – ٢٨) هێرتز لەیەك خول لەچرکەیەکدا پلە تۆماردەکات، ئەم قۆناغە یارمەتیدەرە بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکی و شیکردنەوەو بەئاگابوون و چالاکی و دۆزینەوەی چارەسەر[٣١].

- لەرەی ئەلفا (alpha): ئەم بارە بە باری خاوبونەوە لەقەڵەم دەدرێت، کە لەنێوان (٧- ١٤) هێرتز لەیەك خول لەچرکەیەکدا کاردەکات و زۆر خاوە لەکاتی زیندەخەو یان بێدەنگی و پشودا ڕوودەدات، سودی ئەمجۆرە لەرەیە لەوەدایە کە بۆ پرۆسەی فێربوون بەسودە و بەدرێژایی تەمەن لەگەڵ مرۆڤدایە، ئەم قۆناغە گونجاوە کە مرۆڤ بڕیارەکانی تێدا بدات، چونکە لەم کاتەدا هەردوو لای مێشکی لە پشودایەو ئامادەیە بۆ بڕیاردانی گونجاو[٣٢].

- قۆناغی پیتا (theta): ئەم بارە بەباری نوستن لەقەڵەم دەدرێت کە فرکوێنسی لەنێوان (٣- ٧) هێرتز لەیەك خول لەچرکەیەکدا کاردەکات، ئەم قۆناغە لەکاتی خەوتن و خەوبینین و لەخەو هەستان کاردەکات، هەروەها لەکاتی نەشتەرگەریدا بەکاردەهێنرێت، بوارمان دەدات سود لەداهێنانەکانمان وەربگرین، لەلای منالآنی چوار بۆ هەشت سالآن کارایە[٣٣].

- قۆناغی دەلتا(delta): لەنێوان (٠ – ٣) هێرتزدایە، لەباری خەوی قوڵ یان لەهۆشچوون ڕوودەدات، کە ئەمە لەمنالآنی ساوادا ڕوودەدات تاوەکو تەمەنی چوارسالآن، هەربۆیە تێبینی دەکەین ڕووداوەکانی ڕۆژانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر جێناهێڵێت و دڵتەنگ نابن، لەم بارەدا مرۆڤ هەست بەهیچ شتێك ناکات و بەقۆناغی چارەسەر ناودەبرێت[٣٤].

بێگومان هەریەکە لەم قۆناغانە سودی تایبەتی خۆی هەیە و بۆ مەبەستێکی تایبەتی گونجاوە، بەلاّم ئەو قۆناغەی بەسودە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی شتنەوەی مێشك قۆناغی ئەلفایە، هەربۆیە پێویستە لەسەر تاکی ئاخێوەر (کارلێکەر) لەرەی دەنگی هاوتابکات لەگەڵ ئەم قۆناغەدا بەمەبەستی کارلێکردن و ڕازیکردنی بەرامبەر، جا ئەگەر تاك بێت یان کۆ، پاشان بەرامبەریش هێوربکرێتەوەو بەرەو ئەو شە پۆلە ببرێت.

٢- زمانی جەستە: پەرە زمانییەکان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن لەڕازیکردنی بەرامبەردا، کە ئەمەش ئاوازەی دەنگ و زمانی جەستە دەگرێتەوە (بەجۆرێك(٩٣٪ )ی گەیاندنی مرۆڤ لەواتا دەربڕاوە نازمانییەکانەوە وەردەگیرێت، کە ئەمانیش دووجۆرن، جۆرێکیان خۆویستەو ئەویتریان خۆنەویستە. خۆویستەکان وەك ئەوەی ئەکتەرەکان لەبواری نواندندا بەرجەستەی دەکەن، بەلاّم خۆنەویستەکان لەئاستی بێئاگایدا بەسەر جەستەدا دێت)[٣٥]، کەواتە کارلێکەر ئەبێت پشت بەزمانی جەستەش ببەستێت بەمەبەستی ڕازیکردنی بەرامبەر، لەهەمانکاتدا پێویستە زمانی جەستەی بەرامبەر بخوێنێتەوە بۆ زانینی لایەنی دەرونی، چونکە زمانی جەستە ڕەنگدانەوەی لایەنی بێئاگای مرۆڤە، کە بەهۆیەوە دەتوانین پەی بەنهێنیەکانی ناخی تاکی بەرامبەر ببەین، هەروەها کارلێکەر پێویستە زمانی جەستەی خۆشی کۆنترۆڵ بکات، تاوەکو کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروست بکات، هەرچەندە هەروەك ئاماژەمان پێکرد زمانی جەستە پەیوەستە بەعەقڵی بێئاگای تاکەوە، بەلاّم ئەگەر مرۆڤێك شارەزایی لەزمانی جەستەدا هەبێت و بەئاگایانەوەو بۆ مەبەستی دیاریکراو بەکاریبهێنێت ئەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. کارلێکەر ئەتوانێت بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر ئەو جوڵە جەستەیانە بەکاربهێنێت کە ئەبێتە هێمایەك بۆ متمانەیی و بەتوانای. لەلێکۆڵینەوەیەکی (الان بیز) دەرکەوتووە (٥٥٪ ی پەیام لەریگای زمانی جەستەوە دەگات و ٣٨٪ لەریگای ئاوازەی دەنگ ٧٪ لەوشە دەربڕاوەکان و بەمەش ئەرکی سیمانتیك ٧٪ دەبێت و ئەرکی پراگماتیکیش٩٣٪ بۆ لێکدانەوەکانی دەربڕین، جا دەربڕینە زمانییە ڕاستەوخۆکان لەرێگای واتای سیمانتیکی شیدەکرێتەوەو دەربڕینە زمانییە ناڕاستەوخۆو زمانە جەستەییەکانیش لەریگای واتای پراگماتیکییەوە)[٣٦].

## دووەم/ وشەو ڕستە:

دوای کۆنترۆڵکردنی دەنگ لەلایەن کارلێکەرەوە، ئینجا قۆناغی هەڵبژاردنی وشە دەست پێدەکات، هەر تاکێك خاوەنی فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆیەتی، کە بەفەرهەنگی ئاوەزی ناودەبرێت، بێگومان هەریەکە لەتەمەن و ڕەگەزو ئاستی ڕۆشنبیری و پلەو پایەی کۆمەلآیەتی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر فەرهەنگی ئاوەزی مرۆڤەکان، هەربۆیە ئەو وشانەی ئاخێوەر بەکاریدەهێنێت لەناو فەرهەنگەکەی خۆیدا بۆی دەگەڕێت، بەلآم لێرەدا کارلێکەر کاتێك دەیەوێت شتنەوەی مێشك بۆ کەسێك ئەنجام بدات لەبوارێکی دیاریکراودا، سەرەتا پێویستە زانیاری تەواو کۆبکاتەوە لەسەر ئەو بوارە، پاشان دەست پێ بکات، چونکە ئەبێت زۆر بەئاگایانە ئەو وشەو ڕستانە بەکاریدەهێنێت کە سودی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە هەیە. وشە یەکێکە لەچەکە هەرە بەهێزەکانی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، هێزی ڕاکێشانی وشە کەسی بەرامبەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، بۆیە کارلێکەر لەم هەنگاوانەدا زۆر بەوردیی و ژیرییەوە مامەڵەدەکات، هەوڵدەدات گوڵبژێری وشەی کاریگەرو پڕ مانابکات، کە بەهۆیەوە بتوانێت بەرامبەر بۆ ئەو مەبەست و خواستە ڕابکێشێت کە خۆی ئەیەوێت، بۆنمونە: (داعش) هەوڵدەدات تیشك بخاتەسەر وشەگەلێك کە کاریگەرییان لەسەر بەرامبەر بەهێزەو مێشکی پێوە  سەرقاڵ دەکات و بەردەوام بیری لێدەکاتەوە بۆ بەدەستهێنان و پێگەیشتنیان، وەك: (شەهیدبوون، فیداکاریی، بەهەشت، حۆری، ... هتد)، واتە بەوجۆرە لەگەڵ بەرامبەردا ئەدوێن ئەگەر بێتو خۆیان بتەقێننەوە ئەوا لەو دونیا دەچنە بەهەشت و لەوێ حەفتاوحەوت حۆری چاوەڕێیاندەکات، کەواتە جەخت لەسەر ئەو وشانە دەکەنەوە کەجێی گرنگی و بایەخی بەرامبەرە، هەروەها لایەنی سیاسیش بەدەرنییە لەم پرۆسەیە، بۆنمونە ئەو کەسانەی نیشتیمان و نەتەوەکەی خۆیان زۆر خۆشدەوێت، هەمیشە کارلێکەر ئەو وشە سەرنجراکێشانەیان لەگەڵدا بەکاردەهێنێت کە پەیوەستن بەخاك و نیشتیمانەوە، یاخود ئەو وشانە لەناخی بەرامبەردا زەقدەکاتەوە کە ببێتە جێگای ترس و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە لەدەستدانی خاك و نیشتیمان و دەستکەوتە نەتەوایەتییەکان، وەك چۆن لەکاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی عێراقدا لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پەنای بۆ دەبەن و دەیکەنە ئامرازێك بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لەناخی تاکی کوردا سەرباری کەموکورتیەکانیشیان لەبەڕێوەبردنی بەرژەوەندی خەڵکیی، لەم ڕێگەیەوە تاك هاندەدەن بۆ دڵسۆزی نواندن و فیداکاری بۆ نیشتیمانەکەی و پاراستنی بەرژەوەندی میللەتەکەی کە لە بنەڕەتدا خۆی لە پاراستنی بەرژەوەندی  بەرپرسان دەبینێتەوە. نمونەیەکی تر بریتییەلە فاڵچییەکان کاتێك فاڵ بۆ ڕەگەزی مێ دەگرنەوە زیاتر تیشك دەخەنەسەر ئەو وشانەی کە تایبەتە بەهەست و سۆزەوە، سەرەتای ئاخاوتنەکە بەوە دەست پێدەکەن: کە تۆ دوعات لێکراوەو پێویستە ئەو دوعایە پوچەڵبکرێتەوە، ئەو دوعایەت لەلایەن کەسی نزیکی خۆتەوە لێکراوە، بۆیە ژیانت وا ناخۆشە....هتد، ئەمەش لایەنی بەرامبەر وا لێدەکات بکەوێتە گومانێکی ڕاستەقینە بەرامبەر بەکەسە نزیکەکانی، فاڵچییەکە بەشێوەیەك کاریگەری لەسەر دروستدەکات کە باوەڕی تەواوەتی پێ دێنێت و قسەکانی بەهەند وەردەگرێ.

ڕۆنانی ڕستە خاڵێکی گرنگی دیکەیە بۆ گەیشتن بە لوتکەی پرۆسەکە، کەدوا بەدوای هەڵبژاردنی وشەی کاریگەر دەست پێدەکات، کە (ڕستەی بکەرنادیار) بۆ سەرنجراکێشانەو لەهەمانکاتدا کورتبڕییە (شتێکی ئاساییە کە قسەکەر هەوڵی ئەوەبدات مەبەستەکەی ئاسان و کورت بێت و هەر ئەوەندە زانیاری بدات بەدەستەوە کە گوێگر بتوانێ لێی تێبگات وکات و وزەی خۆی

بەفیڕۆنادات و شتی نا پێویست نەڵێ. ئەمەش بەوە ئەنجام دەدرێ، کە نەك هەر نامەکەی کورت بێ بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەتیش کەرەسەکان ڕێك بخات، دیسان ئەوەی یارمەتی گوێگر دەدات لەشیکردنەوەو لێکدانەوەی مەبەستی قسەکەردا ئەوەیە، کەرەستەیەك لەیەك زانیاری نوێ زیاتری تیانەبێت، چونکە ئەمە لای گوێگر پەسەندترە، لەبەرئەوەی بۆ شیکردنەوەو تێگەیشتن ئاسانتر دەبێ)[٣٧] لێرەدا ئاخێوەر بەو کەرەستەیە دەست پێدەکات کە گرنگە، چونکە سەرەتای ڕستە زۆر گرنگە بۆیە بەڕستەی باسەمەند ناودەبرێت، (هۆی دانانی ئەو شوێنە گرنگەی ڕستە (سەرەتای ڕستە) بۆ ناوە دەرپەڕیوەکە، ئەگەر ئەرکێکی ڕێزمانیشی نەبێت، بەر لەهەموو شتێکی تر لەمێشکی قسەکەردا، کە دەبێتە تەوەرەیەك کە هەموو ڕستەکە بەدەوریا دەسوڕێتەوەو لەبارەیەوە دەدوێ)[٣٨] ، لێرەدا ئاخێوەر ئەو کەرەستەیە پێشدەخات کە لەڕوانگەی خۆیەوە گرنگە، یاخود بەلای بەرامبەرەوە گرنگە، بێگومان لە پرۆسەی شتنەوەی مێشکدا ئاخێوەر سەرەتای ڕستەکانی بەو کەرەستەیە دەست پێدەکات کە لەڕوانگەی بەرامبەرەوە گرنگە بەمەبەستی کارکردنەسەر هەست و سۆزی و لەهەمانکاتدا سەرنجڕاکێشانی، بەڵام لەقۆناغی دووەمدا ئاخێوەر ئەو کەرەستانە پێشدەخات کە جێگای بایەخی خۆیەتی، تاوەکو ئەوەی ئەیەوێت بەزوترین کات بەدەستی بهێنێت. تایبەتمەندی بکەرنادیاریش لەوەدایە کە تیشك دەخاتەسەر ئەو کەرەستە زمانییەی کەجێگای بایەخی گوێگرە، کەواتە لەئاستی ڕستەسازیدا گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەبزواندنی هەستی بەرامبەردا، لێرەدا شوێنی بکەرەکە ئەدرێت بەبەرکارەکە، بۆیە زۆرجار پێویست بەبکەر ناکات. بۆنمونە:

- (.....) قەزافی کوشت. (بکەردیار)

  قەزافی کوژرا. (بکەرنادیار)

- بەشی کوردی بەیانی نمرە دەدات. (بکەردیار)

  بەیانی نمرە دەدرێت. (بکەرنادیار)

- حکومەت بیست یەکەی نیشتەجێبوون دابەشدەکات. (بکەردیار)

- بیست یەکەی نیشتەجێبوون دابەشدەکرێت. (بکەرنادیار)

- وەزارەتی دارایی دابەشکردنی مووچەی ڕاگەیاند. (بکەردیار)

- مووچە دابەشدەکرێت. (بکەرنادیار)

گرنگی ڕستەی باسەمەند لەوەدایە کە خۆی لەخۆیدا جەختکردنەوەیە بۆ ئەو کەرەستەیەی کە مەبەستێتی، بۆنمونە:

- ئێمە نانمان لەبازاڕ خوارد.
- لەبازاڕ نانمان خوارد.
- نانمان لەبازاڕ خوارد. (نان بەرکارە هێناومانەتە شوێنی بکەر)

یەکێکی تر لە نمونە زیندوەکان بریتییە لەوەی کە لەکاتی ئاشتەوایی نێوان هەردوو لایەنی سیاسی یەکێتی و پارتیدا، سەرکردە سیاسیەکان لەکاتی وتارداندا ناوی پارتەکەی تر پێش ناوی لایەنەکەی خۆیان دەخەن، واتە (یەکێتی و پارتی) ، ( پارتی و یەکێتی ) ئەمە وەك هێمایەك بەکاردەهێنن بۆ ئاشتەوایی نێوانیان و سەرنجراکێشانی لایەنگرانی بەرامبەریان.

## سێیەم/ سیمانتیك و پراگماتیك:

ئاخێوەر پەنادەباتەبەر دوو ڕێگا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، ڕێگای یەکەمیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێت، واتە بەبێ پێچو پەنا، کە ئەمەش ئاستی سیمانتیك دەگرێتەوە کە بریتییە لە "لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان وشەو دونیای دەرەوە بێ گوێدانە باری گوتن و هەڵوێستی قسەکەرو گوێگر"[٣٩]، لەم ئاستەدا ڕیزبەندی ڕۆنانی ڕستەکە کاریگەری هەیە لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی شتنەوەی مێشك (هەروەك لەئاستی ڕستەسازیدا ئاماژەمان پێکرد). لێرەدا ئاخێوەر ڕاستەوخۆ پەیامەکەی دەگەیەنێت بەبێ دوودڵی، بۆنمونە: داعش لەکاتی ئامادەکردن و ناردنی چەکدارێکی بۆ ئە نجامدانی کردەوەی خۆکوژی (خۆتاقاندنەوە)، ڕاستەوخۆ ئاماژەبەوە دەکات کە بەئە نجامدانی ئەو کارەی، دەچێتە بەهەشت و حەفتاو حەوت حۆری چاوەڕێی دەکەن، ئەمەش باوەڕی خۆکوژەکە بەو قسانە زیاتر دەکات و لەخەیاڵیدا ئەو جیهانەی لەلا دروست دەبێت کە ئارەزووی دەکات.

ڕێگای دووەمیش بریتییە لە ئاخاوتن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو تەمومژاوی، کە بواری پاشگەزبوونەوە لەخۆ بگرێت، ئەمەش دەچێتە قاڵبی پراگماتیکەوە کە بریتییە لە "لێکدانەوەی گوتن لەڕوانگەی قسەکەرو گوێگرو باری گوتنەکەوە"[٤٠]، واتە لەم ئاستەدا لێکدانەوەکان بە پێی دەوروبەری ئاخاوتنەکەو لێکدانەوەی قسەکەرو گوێگر دەگۆڕێت. ئاخێوەر لەشتنەوەی مێشکدا بە پێی پێویستی و دڵنیابوونی لەگوێگر دەدوێت، واتە پەنادەباتەبەر هەردوو ڕێگاکە بۆ ئە نجامدانی شتنەوەی مێشك. هەندێ جار ئاخاوتنەکانیان تەنها وەك ئاماژەپێکردنێك بەکاردەهێنن، کە بەویستی خۆیان نایانەوێت ڕاستەوخۆ مەبەستی سەرەکی بدەن بەدەستەوە، یاخود تەنها مەبەستیان تیژکردنی گوێگرە لەکەسێك یان کۆمەڵێك یان لایەنێکی دیاریکراو، یەکێك لە نمونە زیندوەکان ئەوەبوو کاتێك دانیشتوانی شاری سلێمانی لەساڵی (٢٠١٦)دا مانگرتن و خۆپیشاندانیان ئە نجامدا بەرامبەر کەموکورتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بڕیاری پاشەکەوتکردنی مووچە بەهۆی قەیرانی داراییەوە، دەبینرێت پۆلیسێك لەیەکێك لەخۆپیشاندەران دەدات، لەو ساتەدا مامۆستایەك ئاگای لە ڕووداوەکە دەبێت و دەڵێ : (مەعاشەکەو جوانە...)، لەو کاتەوە ئیتر ئەم دەستەواژەیە بووە ئیدیەمێکی چالاکی بواری پراگماتیك و بەردەوام بەکاردەهێنرێت بۆ بیرخستنەوەی ئەو ستەمو مافخواردنەی بەرامبەر بەهاوڵاتیان دەکرێت، لێرەدا ئەم ئیدیەمە ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەر دەگێڕێت، چونکە کاری کردووەتە سەر لایەنی دەرونیی زۆربەی فەرمانبەران و سارکردنەوەیان بەرامبەر بەئە نجام گەیاندنی کاروپیشەکەیان، کە ئەمەش دەکرێ لەبواری شتنەوەی مێشکدا ئەژماربکرێت.

**چوارەم/ زمانی ئاخاوتن و زمانی نوسین:**


ئەو سەرکەوتنەی بەهۆی زمانی ئاخاوتنەوە لە پرۆسەی شتنەوەی مێشکدا بەدەستی دەهێنین، هەرگیز ناتوانین لەڕێگەی زمانی نوسینەوە بەوشێوەیە بەدەستی بهێنین، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەربڕینە نازمانیەکان (para language) لەزمانی ئاخاوتندا، کە ئەوانیش بریتین لە (ئاوازەی دەنگ - خێرایی دەنگ – ڕیتم وپلەی بەرزیو نزمی دەنگ – وەستان – شە پۆلەکانی دەنگ، هەروەها زمانی جەستەش) هەریەکە لەمانە ڕۆڵی کارا و کاریگەر دەگێڕن لەڕازیکردن و پرۆگرامکردنی کەسی بەرامبەر، کەواتە ئەتوانین بڵێین گرنگی سەرکەوتنی شتنەوەی مێشك لەزمانی ئاخاوتندا بۆ دەربڕینە نازمانییەکان دەگەڕێتەوە، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لەڕێگای زمانی نوسینەوە  پرۆسەی شتنەوەی مێشك ئەنجام نادرێت، یاخود بڵێین سەرکەوتونابێت، بەڵگەی ئەم وتانەش مانشێتی سەرنجڕاکێشی زۆربەی هەواڵو بابەتە بلاّوکراوەکانی ناو گۆڤارو ڕۆژنامەو سایتە نێوخۆییو بیانیەکانە کە هەر لەگەڵ بەرچاوکەوتنی مانشێتەکان، خوێنەر نیمچە مەست دەکەن و ڕاستەوخۆ پەلکێشی نێو بابەتەکەی دەکەن، بۆنمونە: لەم کاتەدا کە قەیرانی دارایی بەرۆکی میللەتی گرتووە زۆربەی مانشێتەکان باس لەمووچەیە کە ڕاستەوخۆ خوێنەر ڕاگێردەکەن، بەلاّم کاتێك ناوەڕۆکەکەی دەخوێندرێتەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە و بە دوورە لەمەبەستی مانشێتەکە.

نمونە بۆ شتنەوەی مێشك لەزمانی ئاخاوتندا بریتییەلەوەی کە: ( نجم الدين فرج احمد) ناسراو بە (مەلاکرێکار) ئەمیری گروپی چەکداری (الانصار الإسلام) لەتۆمارێکی دەنگیدا باسی ئەوە دەکات کە گەنجێك لەسەر فەتوای ئەو خۆی تەقاندۆتەوە، توانیویەتی ئاڕاستەی بکات بۆ ئەم کارە خۆکوژییە، لەدەقی تۆمارە دەنگیەکەدا (مەلا کرێکار) دەڵێت: "من گەنجێك تەلەفۆنم بۆدەکات دەڵێ مامۆستا (جهاد في سبيل الله) یە برۆم خۆم بتەقێنمەوە، دەڵێم برۆ خواحافیزت بێ (ان شاءالله) لەقیامەت یەك ئەبینینەوە، بەخوا دوای تەلەفۆنەکەی بۆکردم، دوایی لەموسڵ خۆی تەقاندەوە، چ پێویست دەکات من جەستەم لەوێ بێ، ناوچەوانی ماچکەم، هەر لەماڵی خۆشمدا، لەموحاسەرەی خۆشما ئەو قسە ئەکەم، ئێ بۆچی کە بتوانین ئەو تەوجیهە بدەین، روحی کابرا بخەینە ئەو خەتورەتەوە، بیخەینە ئەو شوێنەوە، وزەی ئەوا بەگەڕ بخەین، ئێ باشە ئێمە تەئسیراتمان لەسەر ئەحداسەکان هەیە"[41].

زمانی نوسین هۆیەکە بۆ گواستنەوەی پەیام لەنێوان نوسەر و خوێنەر لەڕێگەی وشە و ڕستەی نوسراو ، کە زۆرێك لەڕۆشنبیران و خوێنەران دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو پەرتوکانەی کە زمانی نوسینیان بەهێزە و کار لەبیری تاکەکان دەکات، کەواتە کاریگەری زمان لەسەر بیر ئەو ڕێچکەیە دەبێت کە تاك پەنای بۆ بەرێت بەمەبەستی پرۆگرامکردن و داگیرکردنی بیرکردنەوەی بەرامبەر. لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکاندا خوێنەران دەبن بەدوو بەشەوە، بەشێکیان تەواو ئالودەی وشە بەوشەو دێڕ بەدێڕی بابەتەکان دەبن کە ئەمە خۆی لەخۆیدا پرۆسەی شتنەوەی مێشکە، جۆری دووەمی خوێنەریش بۆچوونی تەواو پێچەوانەو جیاوازە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا، بۆ نمونە، دەنگدانەوەی هەندێ کتێب، بەتایبەتیش کتێبی ئایینی بەرهەمی ڕەوتی سەلەفییەت کە

**هەڵگری بیروباوەڕی جیاوازن و لەڕێگەیانەوە کاریگەری لەسەر بەشێك لەگەنجان دروستدەکەن بەجۆرێك بیروباوەڕیان بەرامبەر بەڕەوتی تاکی موسڵمانی میانڕەو دەگۆڕن و دەبنە زەنگێکی مەترسیدارو هەڵلاً لە شەقام دەنێنەوە.**

**نمونە بۆ زمانی نوسین بریتییەلەو نامەیەی کە لەلایەن ئەمیرێکی (داعش) بۆ ئەندامێکی ئەو گروپەی دەنێرێت و تیایدا ئاڕاستەی دەکات بۆ کردەوەی خۆکوژی[٤٢]. لێرەدا کارلێکەر ڕاستەوخۆ پەیامەکەی دەگەیەنێت و بەو کەرەستەیە دەست پێدەکات کە بەلایەوە مەبەستە، کە ئەویش ئامادەکردنی ئۆتۆمۆبێلێکە:**


الدولة الإسلامية في العراق والشام
بسم الله الرحمن الرحيم
الى الأخ ابو احمد التونسي يجب تجهيز سيارة مفخخة
لضرب مرتدين الشحيل ويجب ارسال احد الاخوة الجزراويين
بهذه العملية .. وجزاك الله خيراً
لا إله إلا الله
الله
رسول
محمد

**٢- شتنەوەی مێشك و بنیاتنانەوەی تاك لەڕێگەی پرۆگرامی زمانەوانی دەمارییەوە (N.L.P):**

**سەرەتا کە زاراوەی شتنەوەی مێشك بەرچاومان دەکەوێت ڕاستەوخۆ بیری نەرێنی و خراپ بەهزرماندادێت، چونکە واهەست دەکەین کە شتنەوەی مێشك تەنها بەمەبەستی خراپ بەکاردەهێنرێت، بەلاّم لەڕاستیدا وانییە، چونکە شتنەوەی مێشك بەدوو ئاراستە کاردەکات، یەکێکیان سودبەخشەو بەهۆیەوە مرۆڤ بەرەو ئاراستەی ئەرێنی دەبرێت (کە یەکێك لەسودە هەرە گرنگەکانی شتنەوەی مێشك پەرەپێدان و بنیاتنانەوەی تاکە، کە دەتوانێت ببێتە هەوێنی دروستکردنی تاکێکی بەرهەمدارو گونجاو لەکۆمەڵدا، لەم پرۆسەیەدا ئیش لەسەر بیرکردنەوەو بەرهەمهێنانی بیر دەکرێت، چونکە هەر بیرە هەست و سۆزی مرۆڤ دەجوڵێنێت، و هەر بیرە کردارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ ئاراستەو ڕابەرایەتیەکی تەندروستی دەکات)[٤٣]، کە لێرەدا تاك یان کۆمەڵ ڕزگاری دەبێت لەکۆمەڵێك کردەوەو بیری نابەجێ، لەئەنجامدا کۆمەڵێکی تەندروست دێتەکایەوە، کە بەهۆیەوە کاریگەری لەسەر نەوە یەك لەدوا یەکەکانی دوای خۆی جێدەهێڵێت، ئەمەش کاردەکاتە سەر بەرەوپێشچوونی میللەت لەگشت بوارەکاندا، جۆری دووەمیشیان بە پێچەوانەی ئاراستەی یەکەمەوە کاردەکات، کە مەبەستێتی بیروبۆچوونی تاك یان کۆمەڵ بشێوێنێت و توشی دوودڵی و ناجێگیری و شڵەژاوی بکات، ئەمەش داڕمانێکی تەواو لەڕەهەندە فکرییەکانیدا دێتەکایەوە، لەڕێگەی بەردەوام دووبارەکردنەوەی ئەوەی خواستێتی بیخاتە مێشکی بەرامبەرەوە بەهێنانەوەی کۆمەڵێك بەڵگەی شێواو، کارلێکەر بەجۆرێك دەخاتەڕوو کە لەبەرژەوەندی**

---

خۆی بێت. کەواتە پرۆسەی شتنەوەی مێشك سودیشی هەیەو زیانیشی هەیە، بەلأم ناکرێت لەیەك کردەوەدا بەمەبەستی سودو زیانیش بەکاربهێنرێت.

پرۆسەی شتنەوەی مێشك و بنیاتنانەوەی تاك لەرێگەی پرۆگرامی زمانەوانی دەمارییەوە ئەنجامدەدرێت، کە چۆنیەتی بەکارهێنانی عەقڵە بەزمانێکی تایبەت بەبەردەوامی، بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامە دیاریکراو و داواکراوەکانمان، پرۆگرامی زمانەوانی دەماریی بریتین لە (کۆمەڵێك تەکنیك کە پشت بەقسەکردن و ئیجا دەبەستن لەگەڵ ئەو شێوازانەی کە بەندن بە بنەما دەرونیەکانەوە، سەرجەم ئەمانەش لەپێناوی چارەسەرکردنی هەندێك لەقەیرانە دەرونییەکان و یارمەتیدانی مرۆڤ لەپێناوی بەدیهێنانی سەرکەوتنی باشتر لەژیانداو لەهەمانکاتیشدا بۆ ئەوەی گۆڕانی خێراو بەهێز لەرەفتاردا دروست بکرێت)[٤٤]. پرۆگرامی زمانەوانی دەماریی تەکنۆلۆجیایەکی بەهێزە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ ئاراستەو پرۆگرامدەکرێت، ئەمەش لەرێگای سڕینەوەی بیروبۆچوونە کۆنەکان و جێگرتنەوەی بەبیری ئەرێنی (هەروەها دەکرێت چارەسەری نەخۆشییە دەرونیەکان بەجۆرێك لە پرۆگرامی زمانەوانی دەماریی دابنرێت)[٤٥]. پرۆگرامکردنی مرۆڤ دەتوانێت (بەئاسانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت کاتێك لەسەرگەنجە تەمەن بچوکەکان جێبەجێدەکرێت، چونکە بەتەمەنەکان زۆرجار بەئەستەم سەرلەنوێ پرۆگرام دەکرێنەوە، ئەم کارە زۆر قورسەو پێویستی بەکاتی درێژخایەن هەیە)[٤٦].

زۆربەی قوتابخانەکانی بواری دەرونناسی گرنگی بەم بابەتە ئەدەن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە رەفتاری ئادەمیزاد زادەی بیرکردنەوەکانێتی، چ لەرووی ئەرێنیەوە بێت، یاخود نەرێنی، بۆنمونە قوتابخانەی رەفتاری زۆرگرنگی بەم بابەتە دەدەن و رۆڵی گرنگ ئەدەن بەبیرکردنەوەی مرۆڤ، هەروەها مرۆڤی نەخۆش لەرووی دەرونیەوە وا وێنادەکەن کە گرفتی لەبیرکردنەوەدا هەیە، بۆ چارەسەری ئەمەش پەنادەبەنەبەر رێکاری تایبەت بۆ رزگاربوون لەم بیرە نەرێنیانە، ئەم شێوازەی کە شتنەوەی مێشکی پێ ئەنجامدەدرێت، زۆر لەو شێوازو رێگایانە دەچێت کە لەچارەسەری دەرونی پەنای بۆ دەبرێت، هەر لەم روانگەیەوە زاناکان و لێکۆڵەروانی بواری پەرەپێدانی مرۆڤیش دیسان هەمان رێبازو رێگا بەکاردەهێنن بەمەبەستی بنیاتنان و پەرەپێدانی تاك لەکۆمەڵگادا، کەواتە دەتوانرێت شتنەوەی مێشك لەجیاتی ئەوەی بەکارییهێنین بۆ مەبەستی ئاراستەکردنی بەرەو توندوتیژی و شەرەنگێزی بەهەمان میکانزم و رێگا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بەمەبەستی بونیاتنانی تاك و ئاراستەکردنی بەرەو ئاراستەکردنی ئەرێنی[٤٧].

## پەراوێزەکان


١. د. فهمي النجار، الحرب النفسية اضواء اسلامية، ط١، دار الفضيلة، الرياض – السعودية ، ٢٠٠٥، ١٧٩.
٢. د. فخري الدباغ ، غسل الدماغ، دار الطليعة، بيروت – لبنان، ١٩٨٢، ١١.
٣. د. نبيل راغب، غسيل المخ، دارغريب للطباعة و النشرو التوزيع، القاهرة، ١٩٩٧، ١١.
٤. د. فخري الدباغ ، غسل الدماغ، ١٩٨٢، ١١.
٥. د.عەبدولواحید موشیر ردزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەمەری N.L.P ، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠١٣، ٤٥.
٦. صلاح نصر، الحرب النفسية معركة الكلمة و المعتقد، ج٢، ط٢، دار القاهرة، مصر، ١٩٧٦، ٣٠.
٧. د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەمەری N.L.P ، ٢٠١٣، ٤٩.
٨. سەرچاوەی پێشوو، ٤٩.
٩. J.A.C. Brown, Techniques of PersuaSion. From Propaganda to_Brian washing, penguin Book, Box and wpman Ltd. London, ١٩٦٥. ١٦٣.
١٠. ڕێژنە سیف الدین حسن، تایبەتمەندییە زمانییەکانی وشەو ڕستە لەشەڕی دەروونیدا (گوتاری ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بە نموونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٠، ٣٤ – ٣٥.
١١. د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەمەری N.L.P ، ٢٠١٣، ٤٨.
١٢. د. کریم شەریف قەرەچەتانی، نەخۆشی و گرفتەدەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠، ٢٦٦.
١٣. د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەمەری N.L.P ، ٢٠١٣، ٤٨.
١٤. د. فخري الدباغ، غسل الدماغ، ١٩٨٢. ١٢٨.
١٥. د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەمەری N.L.P ، ٢٠١٣، ٥٥ – ٥٦.
١٦. د. فهمي النجار، الحرب النفسية اضواء اسلامية، ٢٠٠٥، ١٩٠.
١٧. بەڵگەمان بۆ ئەو زانیارییەی سەرەوە، ئەو ڕوداوە دڵتەزێنە بوو کە لەقوتابخانەی (میدیای نمونەیی) لەرێکەوتی (٢٠١٢/٣/١) لە شاری سلێمانی ڕوویدا، کە خوێندکارێکی تەمەن (١٨) ساڵ لەکاتی وانەوتنەوەدا مامۆستاکەی خۆی بەناوی (جیرمایە سمۆل) کوشت و پاشان کۆتایی بەژیانی خۆیشی هێنا.
١٨. Cisco Wheeler and Fritz Springmeier, The illuminati formula to create an undetectable Total mind controlled slave, ٢٠٠١, P:٢٥٨.
١٩. نیس کوسبرت من مغن إلی منشد علی لائحة الإرهاب، لونا صفوان www.alaraby.co.uk/miscellaneous/٢٠١٥/٢/١٧
٢٠. Cisco Wheeler and Fritz Springmeier, The illuminati formula to create an undetectable Total mind controlled slave, ٢٠٠١, P:٢٥٨.
٢١. د. فخري الدباغ، غسل الدماغ، ١٩٨٢ ، ٧١ – ٧٨.

٢٢. سەرچاوەی پێشوو، ٦٢ – ٦٥.

٢٣. د. فهمي النجار، الحرب النفسية اضواء اسلامية، ٢٠٠٥، ١٩٢.

٢٤. David Crystal& Randolph Quirk , Systems of prosodic and para linguistics Features in English, The Hague: Mouton, ١٩٦٤, p:١٦٤.

٢٥. محمد معروف فتاح، زمانەوانی، دار الحكمە، هەولێر، ١٩٩٠، ١٩– ٢٠.

٢٦. ساكار كمال واحد، كاریگەری دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لەزمانی كوردیدا –لێكۆڵینەوەیەكی پراگماتیكییە، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣، ٤٦.

٢٧. سەرچاوەی پێشوو، ١١٦.

٢٨. عبدالواحید موشیر محمود دزەیی، رۆڵی زمان لە دەستنیشانكردنی كەسایەتی تاكدا، لێكۆڵینەوەیەكی واتاسازی ڕەوشتییە، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە (٣٠)، ٢٠١٠، ٢٠.

٢٩. محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ١٩٩٠، ١٩.

٣٠. عبدالواحید موشیر محمود دزەیی، رۆڵی زمان لە دەستنیشانكردنی كەسایەتی تاكدا، لێكۆڵینەوەیەكی واتاسازی ڕەوشتییە، ٢٠١٠، ٢٠.

٣١. ابراهيم الفقى، علم التنويم بالايحاء، الطبعة الاولى، العالم مؤسسة بداية، القاهرة – مصر، ٢٠١٠، ٧٠.

٣٢. ابراهيم الفقى، علم التنويم بالايحاء، ٢٠١٠، ٧١.

٣٣. سەرچاوەی پێشوو، ٧١.

٣٤. سەرچاوەی پێشوو، ٧١.

٣٥. ساكار كمال واحد، كاریگەری دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لەزمانی كوردیدا –لێكۆڵینەوەیەكی پراگماتیكییە، ٢٠١٣، ١٢٤.

٣٦. عبدالواحید موشیر محمود دزەیی، رۆڵی زمان لە دەستنیشانكردنی كەسایەتی تاكدا، لێكۆڵینەوەیەكی واتاسازی ڕەوشتییە، ٢٠١٠، ١٥.

٣٧. د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠، ٣٤٦.

٣٨. سەرچاوەی پێشوو، ٢٤١.

٣٩. د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، ٢٠١٠، ٣٤٣.

٤٠. سەرچاوەی پێشوو، ٣٤٣.

٤١. www.youtube.com/watch?v =W٥mdrUr٧٣FU

٤٢. جبهة النصرة بدير الزور تكشف رسائل سرية بين قادة تنظيم الدولة الإسلامية: www.islamion.com/news

٤٣. Robert Jay Lifton, Thought reform and the psychology of Totalism, A study of brain washing in china, the university of North Carolina press, ١٩٦١., p:٤٨.

٤٤. د. نبیل حاجی نائف، پرۆگرامكردنی مرۆڤ بەهۆی زمانەوە، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە (٣٥)، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٧٢.

٤٥. سەرچاوەی پێشوو، ٧٩.

٤٦. سەرچاوەی پێشوو، ٧٩.

٤٧. Robert Jay Lifton, Thought reform and the psychology of Totalism, A study of brain washing in china, the university of North Carolina press, ١٩٦١, p:٤٨.

## ئه نجام

١- زمان فاكتەرێكی سەرەكی و ڕاستەوخۆیە لەبەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی شتنەوەی مێشكدا، كە تێیدا زانستی زمانی تیۆری و زانستی زمانی پراكتیكیش بەشداردەبن. شتنەوەی مێشك بەڕێژەكی بەرچاو ڕووی لەزیادبوون كردووە لەسەرجەم بوارەكانی ژیاندا (سیاسی، ئاینی، پەروەردە... هتد). ئەم پرۆسەیە بەسەر تاك و كۆمەڵیشدا جێبەجێدەكرێت.

٢- پەرە زمانییەكان (para language) یەكێكی ترە لەهۆكارە گرنگەكانی سەركەوتنی شتنەوەی مێشك كە لە پاڵ زماندا ڕۆڵێكی كاریگەر دەبینێت لەم پرۆسەیەدا.

٣- شتنەوەی مێشك دەتوانرێت بەشێوەی ئەرێنی و نەرێنیش بەكاربهێنرێت، واتە سودیشی هەیەو زیانیشی هەیە، ئەم پرۆسەیە كە بەشێوەی ئەرێنی بەكاردەهێنرێت پشت بە پرۆگرامی زمانەوانی دەماری (N.L.P) دەبەستێت بۆ پرۆگرامكردنی مرۆڤ بەرەو ئاراستەی ئەرێنی.

٤- زمانی ئاخاوتن بە پلەی یەكەم دێت لەسەركەوتنی پرۆسەی شتنەوەی مێشكدا و زمانی نوسینیش بە پلەی دووەم دێت، هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پەرە زمانییەكان لەزمانی ئاخاوتندا كە دەورێكی گرنگییان هەیە لەم بوارەدا.

٥- شتنەوەی مێشك لەسەر منداڵ و هەرزەكاران زیاتر جێبەجێدەكرێت بەراورد بەتەمەنەكان، هۆكەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی گران و قورسە بتوانرێت مێشكی مرۆڤ دوای تەمەنێكی هەڵكشاو پرۆگرام بكرێت، هەروەها پێویستیشی بەكاتی زیاتر دەبێت. ڕەگەزی مێش ئاسانتر مێشكی كۆنترۆڵ دەكرێت بەراورد بەڕەگەزی نێر، چونكە هەست و سۆز بەسەریاندا زاڵە، هەربۆیە لەو ڕێگایەوە مێشكیان دەشۆرێتەوە، ڕەگەزی نێریش لەبەرئەوەی عەقڵ بەسەریاندا زاڵە هەر لەو ڕێگایەوە پرۆگرامدەكرێن.

## سەرچاوەكان

– كوردی:


١- ڕێژنە سیف الدین حسن، تایبە تمەندییـە زمانییـەكانی وشـەو ڕستە لەشـەڕی دەروونیـدا (گوتـاری ئۆپۆزسـیۆن و دەسـەڵات بە نموونە)، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٢- ساكار كمال واحد، كاریگەری دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لەزمانی كوردیدا – لێكۆڵینەوەیەكی پراگماتیكییە، نامەی ماسـتەر، زانكۆی سەلاحەددین، ٢٠١٣.

٣- عبدالواحید مشیر محمود دزەیی، ڕۆڵی زمان لەدەستنیشانكردنی كەسایەتی تاكـدا، لێكۆڵینەوەیـەكی واتاسـازی ڕەوشـتییە، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە (٣٠)، بەشی زمانی كوردی، ٢٠١٠.

٤- عەبدولواحید موشیر دزەیی، پرۆگرامكردنی زمانەوانی دەماریN.L.P ، چاپی یەكەم، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠١٣.

٥- كریم شەریف قەرەچەتانی، ئەخۆشی و گرفتەدەروونی و كۆمەڵایەتییەكان، چاپی دووەم، چـاپخانەی پەیوەنـد، سـلێمانی، ٢٠١٠، ٢٦٦.

٦- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، زانكۆی سەلآحەددین، چاپخانەی دارالحكمە، هەولێر، ١٩٩٠.

٧- محەمەد مەعروف فەتاح، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی رۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١٠.

٨- نبیل حاجی نائف، پرۆگرامكردنی مرۆڤ بەهۆی زمانەوە، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە (٣٥)، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- عەرەبی:

١- ابراهيم الفقى، علم التنويم بالايحاء، الطبعة الاولى، العالم مؤسسة بداية، القاهرة – مصر، ٢٠١٠.

٢- صلاح نصر، الحرب النفسية معركة الكلمة والمعتقد، ج٢، ط٢، دار القاهرة، مصر، ١٩٦٧.

٣- فخري الدباغ، غسل الدماغ، دار الطليعة، بيروت – لبنان، ١٩٨٢.

٤- فهمي النجار، الحرب النفسية اضواء اسلامية، ط١، دار الفضيلة، الرياض – السعودية، ٢٠٠٥.

٥- نبيل راغب، غسيل المخ، دارغريب للطباعة و النشرو التوزيع، القاهرة، ١٩٩٧.

- ئینگلیزی:

١- Cisco Wheeler and Fritz Springmeier, The illuminati formula to create an undetectable Total mind controlled slave, ٢٠٠١.

٣- David Crystal& Randolph Quirk , Systems of prosodic and para linguistics Features in English, The Hague: Mouton, ١٩٦٤.

٣- J.A.C. Brown, Techniques of PersuaSion. From Propaganda to Brian washing, penguin Book, Box and wpman Ltd. London, ١٩٦٥.

٤- Robert Jay Lifton, Thought reform and the psychology of Totalism, A study of brain washing in china, the university of North Carolina press, ١٩٦١.

- پێگەی ئینتەرنێت:

١- جبهة النصرة بدير الزور تكشف رسائل سرية بين قادة تنظيم الدولة الإسلامية www.islamion.com/news

٢- www.youtube.com/watch?v =W٥mdrUr٧٣FU

## Abstract

**Title of the research is (Language value in brain washing), the language is the only way to transfer the idea from the speaker to the listener easily & quickly. The language is the main way to achieve the brain wash process. In this research analytical descriptive method has been applied, it consists of two parts, first part named (concept and brain washing fields) which consists of two branches. Brain washing description, the history of brain washing, the steps of brain washing , The usage of brain washing fields. The second part is about (language reflection in brain washing) which consists of two branches: language and brain washing process, brain washing and individual construction according to the Nero linguistics programming (N.L.P).**